من پێش هەموو کەس لە 1991/3/31 رام کرد.... . رزگار کۆچەر

پێش ئەوەی رژێم هێزەکانی جولە پی بکا زۆر لە گەنجان و هەندێك لە قارەمانانی گەرەکەکەمان ئەو کاتە کە بە کلانشکۆف و حەفتاو پێنجی لە ناو ژنان پۆزیان لێدەدا بریاریان دابوو ئەگەر هاتوو رژێم هیرَشی کرد ئەوا ئەوان مقاوەمە دەکەن... ئەوان جاران تەنها لایەنگری حزبێك بوون... چەند رۆژێك بوو پێشمەرگەیان دیبوو... ئێستا خوا تەمانیان درێژ کات زۆر لەو پالەوانانە ئەگەر مەنوسلیش نەبن ببورن قەسدم مەسئولیش نەبن ئەوا لە پشت مەنسولەکان یان سکرتێری تایەبەتن یان مدیر مەکتەبن ئەلمهیم دەسیان خۆش بێت کەوا بریاریان دا مقاوەمە بکەن.... ...

جوانە.... بەراستی هەستی شۆرشگرانە دەبێت وا بێت.... ...
بەیانیەکەی کە بە پی ئێمە لەگەل هەندێك خزم و کەس بەری کەوتین لە رێگا زۆر لەم قارەمانانم دیت کە لەنێو ئۆتومبێلی بلدیەوە تراکتۆرەکانی زبل فریدان خۆیان قەیم کردبوو ریش وکلاشنکۆف وملاشینکۆفیان بەس خوا بزانێت جۆن و بە چ شیوەیەك فرێدابوە ناو مەزراکان... گەر هەلەش نەبم مام حوسینی مەزرا جی پاش کۆچ رەوەکە و گەرانەوەی خەلك بۆ شار و نەمانی هیزەکانی رژیم لەناو شار زیاتر لە 200 کلاشینکۆف و دەمانجەی لەناو کونەکانی مەزارای ئەو شەقامە دەرهێنا بوو کە زۆربەی خەلکی شار بەسەری دا رایان کرد.... ئەلمهیم بەم شێوەیە زۆر لەم قارەمانانم دیت...
وابزانم زۆر لەم شۆرشگیرانە نەگەیشتنە شەقلاوە و گەرانەوە و بەر عەفوەکەی رژێم کەوتن... دیارە ئازایەتی لای هەندێك راکردنە قەناعەت بکەن قارەمانێك لە جەولەکانی شەری ناوخۆ خوا نەی گێرێتەوە جارێکی تر... پیشەی راکردن و جەمەدانی جی هێشتن بوو ئێستا لە خوای بەزیاد بێت یەك خانوی سی نهۆمی دروست کردوە بەس خوا بزانێت لەچ داستانێکی وەهم قەناعەتی بە سەرکردەکانی گەلەکەم کردوە کەوا ئەو رای نەکردوە و قارەمان بووە هەر بۆیە بێجگە لە خانوەکەی خۆی چەند خانوێکی تەجوازیش لە نزیك شار دروست کردوە و خارە خولەی پێشمەرگەی ئەیلول و پاش ئەیلولیش هەر لە کریچیاتی ژیان بەسەر دەبات.... ..
دلنیا بن گەیشتومەتە دەرئەنجامێك دەلێم ئەوەی رابکات ئەگەر هیجی بۆ نەبێت ئەوا تەمەنی درێژ دەبێت خۆ هیچ نەبێت دەتوانێت داستانێك لە درۆ دروست بکات و هەندی کەسی وەك منی ساویلکە پەیی باوربکات بۆ نمونە لە دوا ساتەکانی روخانی رژێم لەو فەرمانگەیەیی کاجاران کارم تێدا دەکرد قارەمانی زۆر مهیمی تێدا بوو... لە ئاشتیا دەبابەیان دەخوارد... لە شەرا ئەوان دەستەی هجوم بوون.... لە رۆژی رەشا تا دوا فیشەك مقاوەمەیان دەکرد.... . زۆر شتی تر کە ناکرێت ئەواندەیان لەسەر بلێم ئەلمهیم بە هەفەتەیەك پێش لێدانی رژێم رایان کرد.... بۆ دوای هەفەتەیەك پاش تەسلیم بوونی بەغداو راکردنی سەرانی بەعس گەرانەوە فەرمانگەکەم.... .. خوا تەمەنیان درێژ کات ئەوان موکافەئە کران ئێمە مانانیش کە ماینەوە پێمان گوترا بۆ خۆشی خۆیان بوو....

RZGAR77@HOTMAIL. COM